

# لە چ شوێنێك تۆ نانبینم... ؟

## جەزا چنگیانی

تۆ لەم شارە نیت...کەچی لە هەموو شوینێکدا تۆ دەبینم..یان من کوێرم تەنیا یەك دیمەن دەبینم ..ئەویش تۆێت...یان تۆ خۆایت ولە هەمووبوونیکدا ووینەت هەیە...

توو حەزرەتی عیسا هەر ئەمجارە بگەڕێوە ..مەرج بێت دەرپێیەکی کورت لە پەڕەکانی تەوڕات دروستبکەم . لە تۆ زیاتر .. بۆ هیچ ناوگەڵ لینجێکی ترلە کەنیسەی ژووری نووستنەکەمدا دانەکەنم.



وا مانگێکی ڕەبەق وچەند ڕۆژێکە جەستەمان لەیەك پچڕاوە . من دەزانم تامی لێوی پیاوە سپێرەکانت لێوت وەك لێوەکانی من شیرین ناکەن....تۆ دەزانی لێوی ووشکی بیٚ ماچی تۆ بە لێو و

**زمانە تووتەی ئافرەتە سپێرەکانی من بۆن خۆش و پاراو ناکەن . ئێمە ئەم ڕاستیە دەزانین .. ئەی بۆ لەیەك دوورین ؟**

**توو حەزرەتی عیسا و نالی و ڕۆحی پۆشکین ئەمجارەیان بگەڕێوە ؟ ئیتر درۆت لەتەك ناکەم . بە ڕێگای سیکسی قاچاخدا بە هیچ جۆرێ گوزەرناکەم .لێوی هیچ کچۆڵەو قەیرە کچیك لە لێو نانێم . کچێ بڕوا بکە بە قەد ئامێزی فراوانی ئەم شارە بیرت دەکەم... هێندەی ژمارەی عاشقەکانی ئەم دونیایە تاسەی دووری شەوێکی ڕووت و مژینی زمانە تووتەی بەر موسەلانت دەکەم . سۆیند بێ بگەڕێوە بۆ تۆ نەبێ بۆ هیچ ئافرەتێکی تری ئەم شارە , خۆم ڕووتنەکەم.. زمانی حەزم بە لینجئاوی نیوگەڵی تۆ نەبێ , لە مانگی ڕەمەزانی بێ ماچی تۆدا , بە لینجئاوی هیچ ئافرەتێکی تر ڕۆژوی حەزم نەشکێنم .. ئاخر واسالێکە من و تۆ یەکتر دەخۆین , هەموو ژەمێك دوای گازەکان لە جێگەیان لە لەشی پەشمەکی تۆدا لە جیاتی گۆشت گوڵە ئەرخەوانیەك دەڕوێت....لە جیاتی گاز و مژین و ماچەکانی تۆش , هەموو جەسەتی تووکنی گەرمیانی من ,دەبن بە پەڵە ریحانەیەکی گەنمرەنگ ..**

**هەر ئەمجارە بگەڕێوە ئیتر تۆبە قاچاخ ناڕۆم ..لە ترسی دۆزەخی شەوانی بێ تۆ...ناوگەڵی هیچ ئافرەتێك بە شیرئاوم لینجئاوی لینجتر نەکەم. هەر ئەمجارە بگەڕێوە . لە تەك چەپکە گوڵێکی سوردا تەوراتێکت پێشکەش دەکەم لە جیاتی سۆیند دەرپێیەکی کورتی لێدروستدەکەم..هەموو پەرتووکە پیرۆزە خەیاڵییەکانی تری ئەم دونیایەش دەکەم بە لاقی پیێ چرپایەك , تۆی لەسەر پاڵدەخەم .. دەزانی بۆ؟ بۆئەوەی بزانی تۆ لە گشتیان پیرۆزتری!!!هەر ئەمجارە بگەڕێوە هەر خۆم دەزانم لە کەنیسەی ژووری نووستنەکەمدا بە جەستەی ڕووتەوە لە بەردەم محرابی جەستەی ڕووتی تۆدا ,چۆن سوجدە ....تۆبە دەکەم .. ئۆف خوایە دوایی چۆن سێکس دەکەین ؟؟**

**سانپیترسبۆرگ** 2006/10/26
jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de